# شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە

**خەسرۆ جەلال خدر**
قوتابی ماستەر/بەشی زمانی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
khasro.khodhur@su.edu.krd

**پ.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
sajidah.farhad@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە)یە، هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی یاساکانی گوێزانەوە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا؛ لەگەڵ ئەوەی پەند دەربڕینێکی چەسپاوە و بە ئاسانی مل بۆ هەموو گوێزانەوەیەك نادا، بەڵام بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دوای بەرهەمهێنانی ڕستەی پەندەکە لە ئاستی ژێرەوە، پێویستی بە چەند یاسایێك دەبێ تاکو بە ئاستی ڕووکەش بگات، پەندی پێشینانیش مەبەستدارە و قسەکەر زۆرجار بە مەبەست جەخت لەسەر کەرەستەیەك دەکات و گۆڕین یا جێگۆڕکێ بە جێکەوتەکەی دەکات، تاکو گەیاندنی واتای مەبەست تیایدا ئاسانتر ببێت؛ جێگۆڕکێی کەرەستەکانیش نابێتە هۆی گۆڕینی دۆخ و ئەرکی ڕێزمانییان. لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە کەرەستە سینتاکسییەکان و قاڵبەکانی ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا، تیایدا باس لە کەرەستە بەخورتی و ئارەزوومەندانەکان و پەیوەندیی واتایی نێوانیان دەکرێ.

بەشی دووەم: بۆ یاساکانی گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا تەرخانکراوە، کە بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو یاسایانەی لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشیناندا جێبەجێدەبن، یەکلا و ساغ بکرێنەوە.

دواتریش ئەو ئەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیگەیشتووین خراونەتە ڕوو، لە کۆتاییشدا، دوا بەدوای پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

**وشە سەرەکییەکان**: کەرەستە سینتاکسییەکان، یاساکانی گوێزانەوە، پەندی پێشینان، ڕیزبوونی چەسپاو، یاسای لابردن.

## پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە)یە، ئەم یاسایانە وەك تیۆرێك پانتاییێکی فراوانیان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا گرتووە، پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی، لەگەڵ ئەوەی دەربڕینێکی چەسپاوە، بەڵام بەپێی ئەم تیۆرە، دوای بەرهەمهێنانی ڕستە لە ئاستی ژێرەوە، پێویستی بە چەند یاسایێك دەبێ تاکو بە ئاستی سەرەوە بگات، ئەرکی سەرەکیی ئەم یاسایانەش پێدانی جۆرێك لە سەربەستییە بە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی پەندەکە، کە لە ڕیزبوونی بنجی زمانەکە جیاواز بێت؛ بەهۆی ئەوەی پەندی پێشینانیش مەبەستدارە، قسەکەر زۆرجار بە مەبەست جەخت لەسەر کەرەستەیەك دەکات، گۆڕین یا جێگۆڕکێ بە جێکەوتەکەی دەکات، بۆ ئەوەی کردەی گەیاندنی واتای مەبەست[1] تیایدا ئاسانتر ببێت؛ گۆڕین و جێگۆڕکێی کەرەستەکانیش نابێتە هۆی گۆڕینی دۆخ و ئەرکی ڕێزمانییان؛ بەپێی ئەم تیۆرەش ڕستە گوێزراوەکان هەرچەند لە ڕواڵەتدا جیاوازبن، هەمان واتای ڕستەی بنجیان هەیە. هەموو ئەمانەش ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێنن.

سنووری لێکۆڵینەوەکە ئاستی سینتاکسە و لە شیکردنەوەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر. (پەندی پێشینانی کوردی) دیالێکتی ناوەڕاست،

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیە؛ نموونەی پەندەکانیش بریتین لەو پەندانەی، کە لەسەر زاری ئێستای قسەپێکەرانی دیالێکتەکە بڵاون؛ ئەوانەی تریشی لە بەرهەمە چاپکراوەکانەوە وەرگیراون.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە لایەنی ڕستەسازیی پەندی پێشینانی کوردی لە ڕووی تیۆرە زمانەوانییەکانەوە بە تایبەت (یاساکانی گوێزانەوە) کە بە (تیۆری گوێزانەوە)ش ناسراوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لای لێ نەکراوەتەوە، ئەوەی هەیە بریتییە لە ژمارەیێکی کەم و سنوورداری کاری زانستی لە بارەی هەندێ لایەنی ڕستەسازی و واتایی پەندی پێشینان، کە لە هیچ یەکێ لەو کارانەدا بە تەواوی ئەو یاسایانە یەکلا نەکراونەتەوە کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا جێبەجێدەبن، بۆیە ئەم کارە هەوڵێکی تری سەربەخۆیە بۆ شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی (یاساکانی گوێزانەوە)، ڕاستەوخۆ ئەم یاسا گوێزانەوەییانە شیدەکاتەوە، کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا یەکلا و ساغ دەبنەوە.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە کەرەستە سینتاکسییەکان و سەرە و ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا، تیایدا باس لە کەرەستە بەخورتی و ئارەزوومەندەکان و پەیوەندیی واتایی نێوانیان و قاڵبەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردی دەکرێ.

بەشی دووەم: بۆ یاساکانی گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا تەرخانکراوە، کە بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو یاسایانەی لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشیناندا جێبەجێدەبن، یەکلا و ساغ بکرێنەوە، بە تایبەت یاساکانی: (جێگۆڕکێ، کۆپیکردن، لابردن و زیادکردن).

## بەشی یەکەم:

## ١) کەرەستە سینتاکسییەکان و سەرە و ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا

### ١-١) سەرەتا:

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، ((سینتاکس گرنگی بە دۆزینەوەی ئەو یاسا و بنەمایانە دەدات، کە چۆنێتی ئاوێتەکردنی وشەکان لە فرەیزەکاندا و فرەیزەکانیش لە ڕستەکانی زماندا دیاری دەکەن. بە توێژینەوە و پشکنینی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ، یاسا و بنەماکان پێشان دەدەن و لە چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزبەندیی وشەکان لەناو ڕستەکاندا دەکۆڵنەوە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە دەستنیشان دەکەن؛ ئەمەش سیمای قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە، کە بایەخیان بە ڕستە داوە و کەرەستەی یەکەمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان بووە. بە واتایەکی تر ئەمانە لە گشتەوە بۆ تاك دەچن، ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان لە ڕستەوە بۆ (فەرهەنگ)ە)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٧)؛ واتە یاساکانی فرەیزپێکهێنان، ڕستە دەبەشنەوە بەسەر: (فرەیز و کەرەستە فەرهەنگییەکان)، کە بە ((کەتیگۆڕییە سینتاکسییەکان ناو دەبرێن، ئەم کەتیگۆڕییانە لە دروستەی ڕستەدا جێکەوتەکانی: (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار، کار) پڕ دەکەنەوە و ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕستە دەنوێنن)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٧٣). هەر یەکێکیش لەم کەتیگۆڕییانە بەپێی پەیوەندیی واتایی و یاساکانی ڕیزبوونی بنجی کەرەستەکان لە زمانەکەدا ڕیز دەبن و لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕێگە بە یاساکانی گوێزانەوە دەدەن بەسەریاندا ساغ ببنەوە؛ ئەم یاسایانەش ((جۆرە ڕیزبوونێکی ئازاد بە کەرەستەکانی ڕستە دەبەخشن، کە دەبنە هۆی ئەوەی ڕستەیەك، زیاتر لە شێوەیێکی دەربڕینی هەبێت)) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٣٠)؛ هەموو شێوەکانیش هەمان واتای ڕستەی بنجییان هەیە.

### ٢-١) کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە
**Element Components of Sentence**

ڕستە گەورەترین یەکەی ڕستەسازییە، کە ((لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا لە کۆمەڵێك کەرەستەی دیاریکراو پێکدێت و بە گوێرەی چەند یاسایێك داڕێژراون، ئەو کەرەستە دیاریکراوانە هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیان ناسەرەکین، کەرەستە سەرەکییەکان بەخورتین و دەبێ لە ڕستەدا هەبن و ناتوانین لایان ببەین؛ بەڵام کەرەستە ناسەرەکییەکان بە ئارەزوون و دەتوانین لایان ببەین)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢١- ٢٢)؛ ئەم کەرەستانەش لەناو ڕستەدا بەشێوەی فرەیز دەردەکەون و لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دابەشی سەر (فرەیزی ناوی و فرەیزی کاری) دەبن؛ تیایدا کار لە (ف،ك)دا سەرەیە و پێویستییەکانی خۆی لە کەتیگۆرییەکانی: (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار) لە (ف،ن)دا هەڵدەبژێرێت، کە گوزارشتن لە چەمکە ئەرکییەکانی دروستەی ڕستە و ((بە بەشێك لە زانیارییە لیکسیکییەکانی کارەکە دەژمێردرێن)) (کانەبی، ٢٠١٥، ١١٨)؛ لە زمانەوانیی نوێشدا ڕۆنانی ڕستە دەکرێ وەکو ژمارەیێك (چاڵ) یا بۆشایی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؛ پەندی پێشینانی کوردیش وەك هەر ڕستەیێکی ئاسایی زمانەکە لە ژمارەیێك کەرەستە پێکدێت و بەپێی چەسپاوی و نەچەسپاوییان دابەشی سەر (کەرەستە بەخورتییەکان و کەرەستە ئارەزوومەندەکان) دەبن.

#### ١-٢-١) کەرەستە بەخورتییەکان - Obligatory Elements

بریتین لەو کەرەستانەی، کە بوونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتییە و ناتوانرێت دەستبەرداریان بین؛ ئەگەرچی بەپێی ((یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ڕیز دەکرێن و دەخرێنە تەك یەك)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٨٠)، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا بەشی زۆریان یاساکانی گوێزانەوەیان لە ئاستی ڕووکەشدا بەسەردا

ساغ دەبێتەوە، بێ ئەوەی ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەم بێت. ئەمانەی خوارەوە کەرەستە بەخورتییەکانی دروستەی قووڵی ڕستەی پەندی پێشینانی کوردین:

**أ- کار - Verb**


کار ئەو بەشە چەسپاو و دانەبڕاوەیە، کە لە ڕستەدا دەبێتە سەرەی فرەیزی کاری، کە ((یەکێکە لە دوو پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی ڕستە، واتە پێکهێنی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێ)) (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٥، ١٦)؛ بە واتای ئەوەی کار لە ڕستەدا هەڵسووڕێنەرە و ((بوونی ڕەگەزەکانی تر دیاری دەکات و سەری ڕێزمانی ڕستەیە و ڕەگەزەکانی تر لە ڕێگەی داواکاری کارەوە، دێنە ناو پێکهاتەی قووڵ و ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن، بەپێی جۆری کار، ئارگۆمینتەکان[٢] دەستنیشان دەکرێن، کاری تێنەپەڕ تەنیا یەك ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێ و حوکمی ڕێزمانی دەکات)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٩)؛ بڕوانە: (١) و (٢).

(١) **<u>مانگا</u>** مرد و **<u>دۆ</u>** بڕا.

(٢) **<u>حەیا</u>** باری کردووە.

کاری تێپەڕیش دوو ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، کە (بکەر و بەرکار)ە؛ بەمەش ڕستەکە لە دوو فرەیزی ناوی و فرەیزێکی کاری پێکدێت، (بەرکار) وەك فرەیزێکی ناوی لەژێر ڕکێفی فرەیزە کارییەکەدا دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: پەندی ژمارە (٣) کە بە هێڵکاری درەختی خراوەتە ڕوو.

(٣) **<u>دڕك</u>** **<u>ترێ</u>** ناگرێت.




ب-بکەر - **Subject**

کەرەستەیێکی تری بەخورتی ڕستەیە، کە لە لایێك ئەنجامدەری کارە و لە لایێکی تر لە لایەن کارەوە هەڵدەبژێردرێت؛ جێکەوتەشی لە ڕستەی زمانی کوردیدا بەپێی قاڵبی بنجی ڕیزبوونی کەرەستەکان، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە. لە ڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت: (بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی).

١- **بکەری ڕێزمانی - Subject Grammatical**: ((بەو بکەرانە دەگوترێ، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن)) (خۆشناو، ٢٠١٧، ٧٩)، نەك لە ڕووی واتاوە؛ واتە بە کردەیی نابنە ئەنجامدەری کاری ڕستەکە و بکەری ڕاستەقینە نین، بەڵکو لە پەیوەندیی ڕێزمانیدا بەپێی یاسا ڕستەسازییەکانی زمانەکە بۆ ڕۆنانی ڕستە، چاڵی بکەری ڕستەکەیان پڕ کردۆتەوە؛ بەمەش ((هەندێ جار شیکردنەوەی ڕستە لە ڕووی ڕێزمان و مەنتقەوە جیاوازییان دەبێت؛ واتە بکەری ڕێزمانی

دەبێتە بەرکاری مەنتیقی)) (عەلی، ٢٠١٤، ٥٤). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە پەندەکانی: (٤) و (٥).

(٤) **چێشت** بە گەرمی ناگەڕێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥٧)

(٥) **نان** کە بووە کەرتك، خۆی ناگرێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٠)

لەم نموونانەی سەرەوەدا بکەری پەندەکان لە پێناسەی بکەر و بەرکاریدا پێچەوانەن، بە نموونە لە پەندی ژمارە (٥)دا، فرەیزی ناوی (نان)، کە بکەرێکی ڕێزمانییە، بە کردەیی ئەنجامدەری کاری ڕستەکە نییە، بەڵکو تەنیا چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە و لە بنەڕەتدا بەرکارێکی لۆجیکییە، لەبەر ئەوەی لە لۆجیکدا کاریگەری کارەکە بەسەر (نان)ەکەدا تێدەپەڕێت؛ واتە بۆ ئەوەی (نان)ەکە کەرتك ببێ، دەبێ بکەرێکی ڕاستەقینە هەڵبستێ بەو کارە، بەمەش لە واتاو دروستەی قووڵدا (نان)ەکە بەرکارێکی لۆجیکییە، لە ڕێزمان و دروستەی ڕووکەشیشدا بکەرێکی ڕێزمانییە.

**٢- بکەری لۆجیکی - Logical Subject**: مەبەست لەو بکەرانەیە، ((کە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێدەگەیەنن)) (خۆشناو، ٢٠١٧، ٨٠) و دەبنە ((بکەری ڕاستەقینەی کارەکە، ئەگەرچی لە شوێنی بکەری ئاساییدا بەکار نەهاتبن، یان لابرابێت)) (عەلی، ٢٠١٤، ٥٤)ن و شێوەی کەتیگۆڕییەکی بەتاڵیان هەبێ. وەك:

(٦) بە تەنیا **گایەك** گێرە ناکا.

(٧) **(pro)** دەنگی هەیە و **(pro)** ڕەنگی نییە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٩٩)

**پ - بەرکار - Object**

ئەو کەرەستە ڕستەسازییەیە، کە پێویستییەکی بەخورتی کاری تێپەڕە و ((خۆی لە دووەم فرەیزی ناوی ڕستەدا دەنوێنێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٣)؛

واتە وەك فرەیزێکی ناوی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فرەیزی کاری و فراوانی دەکات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە و بەبێ بەرکار کارەکە بە ئەنجام ناگات. وەك:

(٨) مریشکی ڕەش **هێلکەی سپی** دەکا.

(٩) **چی** بچێنیت، **ئەوە** ئەدووریتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥٧)

بەرکاریش وەکو بکەر لە ڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە دابەشی سەر هەر دوو جۆری بەرکاری (ڕێزمانی و لۆجیکی)[٣] دەبێت؛ جیاکردنەوەشیان لەنێو پەندی پێشیناندا پێویستی بە شارەزایی هەیە؛ چونکە پەند هەڵگری واتاییێکی قووڵە و جۆرێك لە تێکەڵی لەگەڵ بکەردا دێتە ئاراوە؛ لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا، بەرکار لەگەڵ بکەردا بەپێی لێکدانەوەی لۆجیکی شوێن دەگۆڕنەوە، ئەگەرچی هەر یەکێکیشیان لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی پەندەکەدا چاڵێکی تایبەت بە هەمان توخمیان پڕکردبێتەوە؛ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە: (١٠) و (١١).

(١٠) **شووشە** بشکێ، چاك نابێتەوە.

(١١) **بەرد** بلەقێ، (pro) جێی خۆی ناگرێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ٩٠)

لە پەندی ژمارە (١١)دا، (بەرد) بکەری ڕێزمانی پەندەکەیە، چونکە چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە؛ بەڵام لە ڕووی لۆجیکەوە (بەرکارێکی لۆجیکی)یە، لەبەر ئەوەی (بەرد) بێ گیانە و ناجووڵێتەوە، دەبێ هێزێك هەبێ بیلەقێنێ، جا ئەم هێزە سروشتی بێ یا ناسروشتی.

**ت_ تەواوکەر - Complement**

مەبەست لەو کەرەستانەیە، کە لە پەیوەندییێکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ کاری ڕستەکە و دەبنە ((پێویستییێکی هەمیشەیی کارەکە و ناتوانرێ وازیان لێ بهێنرێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٩)؛ لەبەر ئەوەی ((ڕستەکە دەکەنە ڕستەییێکی ڕێزمانی و واتاییێکی تەواوی پێدەبەخشن)) (Amin, 1979, 14)؛ ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت کە ((ئەو کەرەستانەی جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکەنەوە بەخورتین)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٨٤)، لابردنیان نارێزمانی ڕستە و نادروستی واتای لێدەکەوێتەوە؛ جێکەوتەکانیش بریتین لە فرەیزەکانی: ناوی، بەند، ئاوەڵناوی...هتد. ((بەشێوەیێکی گشتی لە زمانی کوردیدا گرێی ئاوەڵناوی ئەم ئەرکە دەبینێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٣٠). وەك:

(١٢) درۆ دوژمنی خوایە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٠٢)، بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی ناوییەوە.

(١٣) دڵ لە دڵ مەدە. (خاڵ، ٢٠٥،٢٠١٤ )، بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی بەندەوە.

(١٤) درۆ شیرینە، بەرەکەی تاڵە. بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی هاوەڵناوییەوە.

### ٢-٢-١) کەرەستە ئارەزوومەندەکان

**Optional Elements - (Adjunct - سەربار)**

سەربار بەو کەرەستانەی ڕستە دەگوترێت، کە دەکرێ لەنێو ڕستەدا لابرێن، بێ ئەوەی ڕۆنان و ناوەڕۆکی ڕستەکە بشێوێنن؛ ((چونکە سەربار هەمیشە سەرپشکییە و زانیاریی لاوەکی دەردەبڕێت)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٨٩)؛ واتە دەشێ کەرەستەکانی سەربار لە ڕووی ڕستەسازییەوە بەر یاساکانی گوێزانەوە بکەون و ((بکرتێنرێن، کرتانیشیان نابێتە هۆی نارێزمانی ڕستەکە)) (محمد، ٢٠١٢، ٢١١)؛ بەمەش لە دروستەی قووڵ و ڕووکەشی ڕستەدا لادانیان ئاساییە، لەبەر ئەوەی سەربار ((تەنیا بار و مەرجی ڕووداوەکە، یان بارەکەی دەردەخات و لە ڕووی واتاوە گرنگی نییە، چونکە ڕستەکە بەبێ ئەمیش هەر تەواوە)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٩)؛ نواندنی سەرباریش لە پەندی پێشینانی کوردیدا زیاتر بەهۆی فرەیزی بەند (بەرکاری ناڕاستەوخۆ - Indirect Object)وەیە، لەبەر

ئەوەی ((بەرکاری ناڕاستەوخۆ یەکێکە لە تەواوکەرە ئارەزوومەندەکانی کار...، هەمیشە لە شێوەی گرێیەکی بەندیدا دەردەکەوێت)) (کانەبی، ٢٠١٥، ١٢٤). وەك:

(١٥) مردوو **به شیوەن** زیندوو نابێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٨٥)

دەتوانرێت سەربار بە ئاوەڵگوزارەش بنوێنرێت، کە کەرەستەیێکی ناسەرەکییە و ((لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەبێتە چەند جۆرێك، لەوانە: (کات، شوێن، چۆنییەتی، هۆ، پێوانە...هتد)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٥). لەم نموونانەی خوارەوەدا سەربار بەهۆی ئاوەڵگوزارەوە بە چەند جۆرێك لە فرەیز دەنوێنرێت. وەك:

١- نواندنی ئاوەڵگوزارەکانی: (کات، شوێن، هۆ، چۆنییەتی) بەهۆی فرەیزی بەندەوە

(١٦) مانگە شەو **لە ئێوارە** دیارە. ئاوەڵگوزارەی کات

(١٧) دەنگی دەهۆڵ **لە دوور** خۆشە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٩٩) ئاوەڵگوزارەی شوێن

(١٨) **لە برسانا** ئاو ئەکوڵێنی. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٤٦) ئاوەڵگوزارەی هۆ

(١٩) **بە پیری** ئەچێتە بەر هەویری. (خاڵ، ٢٠١٤، ٧٥) ئاوەڵگوزارەی چۆنییەتی

٢- نواندنی ئاوەڵگوزارەی (کات) بەهۆی فرەیزی ناوییەوە.

(٢٠) ژمارەی جوجەڵە و مریشك **پاییز** دەرئەکەوی. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٣٥)

**٣-١) پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە**

ڕستەسازی ئەو ئاستەی زمانە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە پەیوەست دەبێتەوە بە ئاستەکانی تری پێش خۆی، بە تایبەت ئاستی وشەسازی، کە دوا پێکهێنی

ڕستەیە. لە بەرهەمهێنانی ڕستەیێکی ڕێزمانی واتا دروستیشدا، ڕەچاوی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە دەکرێت؛ تیایدا ئەو کەرەستانەی پێکهێنی ڕستەن، بۆ بەدەستەوەدانی واتای دروستی ڕستەکە، پەیوەندییێک سازدەکەن پێی دەگوترێت: (پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستەکانی ڕستە)، کە بریتییە لە پەیوەندیی وشە بە دەوروبەرییەوە و بە (بیردۆزی سیاقی)ش ناسراوە؛ بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم بیردۆزە ((واتای ڕستە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ واتای وشەی ڕاست، کە ڕستەکە پێکدەهێنن، هەروەها چۆنیەتی پێکەوە بەستنی ئەو واتایانە لە سیاقێکدا، بۆ ئەوەی واتای هەموو ڕستەکە دەرببڕێت...، لە بیردۆزی سیاقیدا گرنگ ئەوەیە ئەو وشانەی ڕستەکە پێکدەهێنن، واتایێکی دروستیان هەبێت، پاشان بەپێی یاساکانی ڕۆنانی سینتاکسی زمانەکە بەکاربهێنرێن، بۆ ئەوەی سیاقێکی زمانی وەربگرن، کە واتای هەبێت؛ ئەو ڕۆنانەش زیاتر لە ڕستەدا بەرچاو دەکەوێت)) (عەلی، ٢٠١٤، ٣٩)؛ بەم پێیە یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی ڕستە پەیوەندیی ئاسۆیی بەرجەستە دەکەن و هەڵبژاردنی وشەی ڕاستیش پەیوەندیی ستوونی بەرجەستە دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی بەندێتیشدا ((لە ڕستەیێکدا تەنیا یەک کەرەستە سەربەخۆیە و کەرەستەکانی تری ڕستەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندن بەمەوە، واتە هەموو کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیە)) (فەرهادی، ٢٠١٣أ، ٢٢)؛ ئەم کەرەستەیەش لە ڕستەدا بریتییە لە (کار)، کە پێویستییەکانی خۆی لە کەرەستەکانی تر هەڵدەبژێرێت و پەیوەندییەکەش هەر دوو کۆتی ڕێزمانی و واتایی دەگرێتەوە.

هەر لەبەر ئەوەی بەشی زۆری پەندی پێشینان واتایان ناپێکهاتەیيە و لە دانە دانەی وشەکانی ڕستەی پەندەکەوە نەهاتووە و هەندێکیشیان واتایان نزیکە لە واتای فەرهەنگییان؛ بۆیە بە پێویستی دەزانین لێرەدا ئەو ئاستانەی واتا بخەینە

ڕووو، کە پەیوەندییان بە پێکهاتە و واتای پەندی پێشینانەوە هەیە و بریتین لە: (پەیوەندیی ئاسۆیی و پەیوەندیی ستوونی).

**١-٣-١) پەیوەندیی ئاسۆیی (هاونشینی) - Syntagmatic relation**

((بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لەناو چوارچێوەی ڕستەدا بەشێوەییەکی ئاسۆیی؛ واتە کام وشە لەگەڵ کام وشەدا دەچنە پاڵ یەکەوە)) (عەلی، ٢٠١٤، ٤٥)؛ لەمەشدا (کار)ی ڕستەکە دەبێتە کەرەستەیێکی تەوەرەیی و هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستەکەی، بەپێی بنەمای هاوڕێیەتی و سیمای واتاییان دەکەوێتە ئەستۆ؛ تیایدا کەرەستەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەکەونە پاڵ یەکترییەوە. ئەم پەیوەندییە لە پەندی پێشیناندا تەنیا ئەو پەندانە دەگرێتەوە کە (داڕشتەیین)، واتە کۆی واتای پەندەکە لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە نزیکە و سیمای واتایی کەرەستەکان لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیدان. وەك:

(٢١) گۆزەی نوێ ئاوی ساردە.    (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٣٩)

(٢٢) (pro) ئاسکی ماندوو ئەگرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥)

کاتێ سەرنجی پەندی ژمارە (٢٢) دەدەین، دەبینین هەر یەک لە وشەکانی: (ئاسك، ماندوو، گرتن) لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان؛ هەر ئەو پەیوەندییەشە بەهای نێوانیان دیاری دەکات؛ کاری ڕستەکەش کارێکی (تێپەڕ)ە؛ بۆیە پێویستی بە (بکەر و بەرکار) هەیە. کاری (ئەگرێ) (بکەر)ێك هەڵدەبژێرێت، گیانی لەبەربێ و توانای ڕاپەڕاندنی کارەکەی هەبێ؛ بەرکاریش پێویستە (گیان)ی لەبەربێت و لەباربێت بۆ ئەوەی کاریگەری کارەکەی بکەوێتە سەر و (بگیرێت)، کە لەم پەندەدا (گرتن) بە واتای (ڕاوکردن) هاتووە؛ بەمەش (ئاسك) هەم دەشێ بگیردرێت (ڕاوبکرێت)، هەم سیفەتی ماندوویەتی وەك دیارخەرێك و سیماییێکی ئاسانکاری پرۆسەی گرتنەکە ئاسانتر دەکات؛

ئەگەر ناوی (ئاسك) بگۆڕین بە (دار)، ئەوا نەگونجان دێتە كایەوە و پەندەكە لە ڕووی واتاوە نادروست دەبێت؛ لەبەر ئەوەی پەیوەندیی ئاسۆیی گونجان و نەگونجانی تێدایە و دروستی و نادروستی ڕستەش دیاری دەكات. سەبارەت بەو پەندانەی كە (نادارِشتەیین) و واتایان لە یەكە پێكهێنەرەكانیانەوە نەهاتووە، ئەوا لە (كۆتی واتایی)دا، لە پەیوەندیی ئاسۆیی لادەدەن؛ لەبەر ئەوەی تاكو نەگونجان لەنێوان كەرەستەكان هەبێت، پەندەكە زیاتر قاڵبێكی چەسپاو و واتای مەبەست وەردەگرێت. وەك:

**(٢٣) نانی دڕاو پینە ئەكا.** (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٢)

**(٢٤) ئاو لە بێژنگا ئەهێنێ.** (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١)

كاتێ سەرنجی نموونەی ژمارە (٢٤) دەدەین، دەبینین نەگونجان لەنێوان هەر یەك لە بەركاری ڕاستەوخۆ (ئاو)، بەركاری ناڕاستەوخۆ (بێژنگ) و كاری (ئەهێنێ) لە ڕستەی پەندەكەدا لە ڕووی واتاوە هەیە؛ بەوەی بەركاری ناڕاستەوخۆی (بێژنگ) نەگونجاوە بۆ هێنانی ئاو، چونكە ئاوەكە تیایدا نامێنێتەوە، ئەگەر لە شوێنی (بێژنگ)، (سەتڵ، گلاس، سوراحی...، هتد) بهاتایە، ئەوا گونجاو بوو؛ ئەم تێبینییە لە ڕستەی ئاسایی زماندا لەبەرچاو دەگیردرێت؛ بەڵام لە هەندێ نموونەی پەندی پێشیناندا بە تایبەت ئەوانەی (نادارِشتەیین)، ئەگەر كەرەستە پێكهێنەكانی پەندەكە لە ڕووی ڕستەسازییەوەش گونجاوبن و هەمان چاڵیان بە هەمان ئەرك و دۆخی ڕێزمانی پڕكردبێتەوە، كاتێك لە ڕووی واتاوە، پەیوەندیی واتایی نێوان كەرەستەكان لەگەڵ یەكتری نەگونجاو بێت، ئەوا ڕستەكە قاڵبی پەندی پێشینان وەردەگرێت؛ چونكە بنەڕەتی نەگونجان بۆ دانەدەستی واتای مەبەستە، كە بەشی زۆری پەندی پێشینانی لەسەر بنیاتنراوە.

### ٢-٣-١) پەیوەندیی ستوونی (جێنشینی) - Paradigmatic relation

بریتییە لە پەیوەندی وشەیێک بە وشەیێکی تری نێو هەمان پۆلی ئاخاوتن لەسەر هێڵی ستوونی، کە دەبێتە جێنشینی لە ڕستەکەدا، بێ ئەوەی کار لە پەیوەندیی ئاسۆیی ڕستەکە بکات. یان (بریتییە لە پەیوەندیی (مۆرفۆلۆجی) نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەک بە وشەیێکی تر لە هەمان ژینگەدا لەسەر باری ستوونی، بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنێ، واتە چ وشەیێک دەکرێ لە شوێنی بکەر، یا کار، یان هەر بەشێکی تری ڕستە دابنرێت) (عەلی، ٢٠١٤، ٤٦). ئەم پەیوەندییە هاوتایە لەگەڵ یاسایێکی ئارەزوومەندانەی ڕێزمانی گوێزانەوە، کە بریتییە لە (یاسای گۆڕینەوە - Replacement rule)؛ تیایدا هەر کەرەستەیێکی دروستەی ڕستەکە، دەتوانێ شوێنی خۆی جێبهێڵێت بۆ کەرەستەیێکی تر، بەمەرجێ کەرەستەی جێگرەوە سەر بە هەمان پۆل و هەمان ژینگە بێت؛ واتە جێگرتنەوەکەی نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم واتادا. بڕوانە پەندی ژمارە (٢٥_أ،ب).

(٢٥) أ- هەر کەس لە **کراسی خۆیا** پیاوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٣٧)

ب- هەر کەس لە **ماڵی خۆی** پیاوە.

پەیوەندیی ستوونیش لە پەندی پێشیناندا، وەکو پەیوەندیی ئاسۆیی سنووردارە، واتە لە سنوورێکی دیاریکراودا دەشێ ڕووبدات، ئەمیش کاتێك دەبێت پەندێکی پێشینان بەهۆی جیاوازی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگێڕدرێتەوە، یان بەهۆی ئەوەی وشەی تابۆ لەنێو پەندەکەدا هەیە، ئەوا ئاخێوەر وشەیێك یا زیاتری پەندەکە لەباری ستوونیدا دەگۆڕێت بە وشەیێکی تری باوی شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکەی، بێ ئەوەی ناوەڕۆك و مەبەستی پەندەکە تێکبچێت یا بشێوێت. بڕوانە: پەندی ژمارە (٢٦_أ،ب)، بەهۆی گێڕانەوەی جیا جیاوە، کەرەستەیێك یا زیاتری پەندەکە دەبێتە جێنشینی کەرەستەیێکی تر. وەك:

(٢٦) أ- میوان **لە** میوانی **خۆش ناویٚ**، **خانەخویٚ** لە هەر دوو **لاییٚ**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٩٥)

ب- میوان **کەیفی بە** میوانی **نەدەهات**، **ساحێب ماڵ** لە هەر دوو **کیان**.

### ٤-١) قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستە لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا

ڕێزمانی هەر زمانێک، ڕێگایێکی تایبەت بە زمانەکەی هەیە بۆ ڕیزکردنی کەرەستەکانی لە ڕۆنانی ڕستەدا؛ ئەم ڕیزبوونەش ڕێکەوتنی هەیە لەگەڵ واتادا و لەخۆوە نییە، لەبەر ئەوەی لە سیمانتیکدا ئەو پەیڕەوەی کە واتای وشەکانی تێدا ڕیز دەکرێت، دەبێتە بنج بۆ ڕۆنانی واتای ڕستە؛ بەمەش ((ڕیزبوونی کەرەستەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەك کەرەستەیێکی واتای ڕێزمانی تەماشا دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٣٣). لەنێو هەر زمانێکیشدا چەند کەرەستەیێکی سەرەکی هەن، کە قاڵبی بنجی ڕیزبوونی زمانەکە پێکدەهێنن؛ ئەم کەرەستانەش بریتین لە: (کار، بکەر، بەرکار)؛ بەنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕیزبوونی بنجی کەرەستەکان بریتییە لە: (Subject, Verb, Object)؛ لە زمانی عەرەبیشدا (فعل، فاعل. مفعول بە)یە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، جۆری ڕیزبوونەکە بریتییە لە: (بکەر، بەرکار، کار)، لەبەر ئەوەی ((زۆربەی ڕستەکانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە، کە بە (بکەر) دەستپێدەکات و بە (کار)یش کۆتایی دێت، ئەگەرچی لە قسەکردندا هەندێ جار ڕیزبوونی ئەو ڕۆنانە دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە دەربڕینی ڕستەی کورتکراو و بە لووتکەکردنی بەرکاردا، یان بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە قسەکردندا)) (عەلی، ٢٠١٤، ١٥)، بە تایبەت لە پەندی پێشیناندا کە بەشی زۆریان ڕستەیێکی کورتن و بەشێوەی جیا جیا دەردەبڕدرێن.

سەبارەت بە ژمارەی قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستە بەپێی ئەرکی ڕستەسازییان لەڕستەی سادەی زمانی کوردیدا، ئەوا زمانەوانان چەند قاڵبێکیان دیاری کردووە؛ لەوانە: (وریا عمر امین) (Amin, 1979, 35-36) و (محمد معروف فتاح) (Fattah, 1997, 246) لە تێزی دکتۆراکەیاندا، هەریەکەیان چەند قاڵبێکی بنجییان بۆ ڕستەی کوردی دەستنیشان کردووە؛ لەم کارەدا سوود لەو پێنج قاڵبە وەرگیراوەکە (محمد معروف فتاح) خستوونەتییە ڕوو؛ هەموو ئەو قاڵبانەش لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە و لەخوارەوە بەنموونەی پەندی پێشینانی کوردی دەیانخەینە ڕوو:

١- **(بکەر + کار)** (٢٧) دڵپیس ناحەسێتەوە. (بەهرامی، ١٣٩٤ب١، ٣٩٨)

٢- **(بکەر + بەرکار + کار)** (٢٨) حەق ئاو ڕائەوەستێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٦٠)

٣- **(بکەر+ تەواوکەر + کار)** (٢٩) کار لە کار ترازا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٩٣)

٤- **(بکەر+ بەرکار + کار + تەواوکەر)** (٣٠) بەرتیل بەرد ئەکا بە ئاو.

٥- **(بکەر + بەرکار+ تەواوکەر + کار)** (٣١) Ø ماستاو سارد ئەکاتەوە.

جیا لەم قاڵبانەی سەرەوە، قاڵبێکی تریش لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا دەبینرێت، کە بریتییە لە: **(بکەر + کار + تەواوکەر)** (٣٢) قسە ناچێتە گیرفانەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٨٧)

ڕیزبوونی کەرەستەش لە هەر زمانێکدا، دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت: (ڕیزبوونی چەسپاو و ڕیزبوونی ئازاد)؛ پەندی پێشینانی کوردیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی زمانەکە، هەر دوو جۆر ڕیزبوونی تێدا بەرجەستە دەبێت.

**أ- ڕیزبوونی چەسپاو - Fixed order**

بریتییە لەو ڕیزبوونەی، کە کەرەستە بنجییەکانی ڕستەیێك لە سترەکچەری زمانەکەدا بەپێی ڕۆنانی واتایی و ڕێزمانیان دەکەونە پاڵ یەك و ناتوانرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت؛ لەبەر ئەوەی هەر گۆڕینێك لە ڕیزبەندییەکە، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕستەسازیی کەرەستەکانی ڕستەکە و گۆڕانی واتایی ڕستەکەشی بە دوادا دێت؛ بەشێکی پەندی پێشینانی کوردیش دەربڕینێکی تەواو چەسپاون و واتایان سیمانتیکییە و لە ڕیزبوونی بەدوای یەکهاتووی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەی پەندەکەوە هاتووە و بە ئاسانی مل بۆ جێگۆڕکێی کەرەستە پێکهێنەرەکانی پەندەکە نادەن و ڕیزبوونێکی چەسپاویان هەیە؛ تێکدانی ڕیزبەندیی وشەکان، گۆڕانی ئەرکی کەرەستەکان یان نادروستی واتایی پەندەکەی لێدەکەوێتەوە. وەك:

(٣٣) **<u>درۆزن شتی</u>** لەبیر نامێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٠٢) * شت درۆزنی لەبیر نامێنێ.

(٣٤) **<u>دز بازاڕی شێواوی</u>** ئەوێ. (خاڵ، ٢٠٣،٢٠١٤) * بازاڕی شێواو دزی ئەوێ.

**ب- ڕیزبوونی ئازاد - Free order**

ئەم ڕیزبوونە پێچەوانەی ڕیزبوونەکەی ترە و بەپێی یاسای گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرەستەکان لە جێکەوتێکەوە بۆ جێکەوتێکی تر بکرێت، هەر جێگۆڕکێیەکیش کە ڕوودەدات، نابێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی کەرەستەکە یان گۆڕین و تێکدانی واتای ڕستەکە، چونکە جێگۆڕکێیەکە زیاتر ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە جێکەوتەی سەربارن و لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکەدا شوێن گوێزانەوەیان نابیتە هۆی گۆڕینی واتا لە ڕۆنانی ژێرەوە، ڕستەکەش هەمان واتای بنجی دەبێت؛ ئەم ڕیزبوونە لەو

پەندانەدا دەبینرێت، کە زیاتر واتای خوازەییان هەیە و نیمچە چەسپاون و بەهۆی جیاوازیی گێڕانەوەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەرەستە پێکهێنەکانی پەندەکە ئازادانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت و پەندەکە بەشێوەی جیا جیا دەردەبڕدرێت. بڕوانە: (٣٥_أ،ب) و (٣٦_أ،ب).

(٣٥) أ- ڕزق **<u>بە پێ</u>** ناگیرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٢٢) ب- **<u>بە پێ</u>** ڕزق ناگیرێ.

(٣٦) أ- ڕۆژ **<u>بە پەنجە</u>** ئەژمێرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٢٣) ب- **<u>بە پەنجە</u>** ڕۆژ ئەژمێرێ.

## بەشی دووەم:

## ٢) شیکردنەوەی هەندێ یاسای گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا

### ٢-١) سەرەتا:

گوێزانەوە، وەك کردەیێکی ڕستەسازی و پرۆسەیێکی ڕێزمانی بۆ دەرهێنانی ڕستەیە لە ئاستی قووڵ (DS) بۆ ئاستی ڕووکەش (SS) ((لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، لەوانە لە کوردیشدا هەیە، بە جێگۆڕکێی کەرەستەکان و جووڵاندنیان، یان دیاردەی هێنانە پێشەوەی پێکهاتە لە ڕستەدا)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٩٤): دەگوترێت: (کردەی گوێزانەوە)، ئەم کردەیە ((لە ڕێزمانی (ب.گ)دا کردەیێکی بنەڕەتییە بۆ ڕۆنانی ڕستە، چونکە بەبێ ئەمە تیۆری ڕێزمانی ناتوانێت دیاردەی ڕۆنانی ڕستە بەتەواوی شیبکاتەوە و لە سنوورێکی نزمدا دەوەستێت، کە سنووری دەرهێنانی دانە زمانییەکانە لە فەرهەنگ؛ بۆیە بیرۆکەی گوێزانەوە دەتوانێت هەنگاوەکانی دیکەی ڕۆنانی ڕستە لە ڕێگەی یاساکانییەوە چارەسەر بکات، چونکە یاساکانی بەرهەمهێنان تەنیا یاسای ڕێزمانی نین لە تیۆرەکەدا و ڕستە بەبێ کردەی گوێزانەوە بە ڕۆنانی سەرەوە ناگات)) (کەمال، ٢٠٠٢، ٥٦ - ٥٧). یەکێك لە ڕووەکانی گوێزانەوە ((دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان بنج و سیمایە، یان پێکهاتەی قووڵ و ڕووکەش و سروشتییان ڕوون دەکاتەوە)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٩٦). پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی، لەگەڵ ئەوەی لە ڕیزی دەربڕینە چەسپاوەکان دادەنرێ، بەڵام لە ڕۆنانیدا چەندین یاسای گوێزانەوەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە بەهۆیانەوە ڕستەی بنجی ((لە یاساکانی ڕۆنانی فرەیز دێتە دەرەوە و دەچێتە ئاستی یاساکانی گوێزانەوە؛ بۆ ئەوەی کردەکانی گوێزانەوەی لەسەر پیادە بکرێت و بەپێی سروشتی ڕستەکە، ئەو مەبەستەی پێویستە تیایدا بێتە دی)) (کەمال، ٢٠٠٢ ، ٥٧). ئاشکرایە پەندی پێشینان دەربڕینێکە مەبەست بەسەریدا

زاڵە، بۆیە بنەڕەتی زۆربەی گوێزانەوەکان تیایدا، بۆ پێکانی ئەو مەبەستە شاراوەیە، کە بە ناڕاستەوخۆ لە پەندی پێشیناندا حەشاردراوە. ئەمانەی خوارەوە چەند یاسایێکی گوێزانەوەن، کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا جێبەجێ دەبن:

**٢-٢) یاسای جێگۆڕکێ - Permutation Rule**

یەکێکە لە یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوە، بەپێی ئەم یاسایە ((هیچ کەرەستەیەك لانابردرێت و هیچ کەرەستەیێکیش زیاد ناکرێت، بەڵکو تەنیا جێگۆڕکێ بە ڕیزبوونی جێکەوتەیان دەکرێت.

نموونە، أ + ب ←—— ب + أ)) (الخولي، ١٩٩٩، ٢٤). لە خوارەوە ئەو کردانەی کە لە یاسای جێگۆڕکێی کەرەستەکان دەکەونەوە دەخەینە ڕوو:

**أ- هێنانە پێشەوە - Fronting or Preposing**

بریتییە لە جووڵەپێکردنی کەرەستەیێك (توخمێك)ی ڕستە لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ سەرەتای ڕستە و بە لووتکەکردنی (Topicalisation)؛ بەشێوەیێکی گشتیش هەموو ڕستەیێك لە ڕووی زانیارییەوە لە دوو بەش پێکدێت، کە ئەوانیش: (تۆپیك و کۆمێنت - Topic and Comment)ن؛ (تۆپێك) ((کەسێکە یان شتێکە کە مەبەستی سەرەکی قسەکەرە، (کۆمێنت)یش ئەوەیە، کە دەربارەی (تۆپیك) دەدوێت یان تۆپیك ڕوون دەکاتەوە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٢). هەر کەرەستەیێکیش بهێنرێتە پێشەوە دەبێتە تۆپیك؛ هەموو هێنانە پێشەوەیەکیش بەپێی یاسای ڕێزمانی دەبێت و وەك کردەیێك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (قسەکەر دەیەوێ لەناو قسەکانیدا قورسایی و سەرنجی زیاتر بۆ ئەم توخمە ڕابکێشێت. واتە بەهۆی مەبەستێکی تایبەتییەوە جێگۆڕکێیەکی ڕێگەپێدراو لە پێکهاتەی تایبەت بە ڕۆنانی سینتاکسی زمان دێنێتە ئاراوە؛ بە مەرجێك ئەم هێنانە پێشەوە کاریگەری لەسەر تەواوی و

ناتەواوی مانا دروست نەکات و توخمە گوێزراوەکانیش بەهیچ شێوەیێك توخمی ڕێزمانیی خۆیان نەگۆڕن، بەڵکو هەمان ئەرك و دۆخی ڕێزمانی جێبەجێ بکەن. لە زمانی کوردیدا پێکهاتەی ڕستە بریتییە لە: (بکەر، بەرکار، کار)، ئەوەی کە لە ڕۆنانی ئەم پێکهاتەیە ڕێگە پێدراوە، تەنیا دەتوانرێت بەرکاری ڕستەکە پرۆسەی هێنانە پێشەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت) (سەرچاوەی پێشوو، ٤٢). واتە دەشێ بەرکار بە لووتکە بکرێت و لەگەڵ بکەردا جێکەوتە بگۆڕنەوە. سەبارەت بە کاریش، لە زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی ڕستەی ئاسایی کاری تێدا دێتە پێشەوە، ڕەنگە ڕستە لەنێو دەقدا بەپێی ئەو دەوروبەرەی ڕستەکەی تێدا هەڵکەوتووە، وا بخوازێ کار بە لووتکە بکرێت. لە خوارەوە ئەو کەرەستانەی دەتوانرێت لە پەندی پێشینانی کوردیدا جووڵەیان پێبکرێت دەخەینە ڕوو.

**١- جووڵاندنی کار - Verb Movementing**

کار ئەو بەشە چەسپاوەی ڕستەیە، کە لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و ناتوانرێت لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ جێکەوتەیێکی تری وەك (بکەر) جووڵەی پێبکرێ و بۆ پێشەوە بگوازرێتەوە، واتە بە لووتکە بکرێت؛ لەبەر ئەوەی نەنگی و قوڕسی، تەنانەت نادروستی واتایی و ناڕێزمانیشی لێدەکەوێتەوە؛ بەڵام لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا، کردەی هێنانە پێشەوەی کار دەبینرێت و نابێتە هۆی تێکدانی واتاکەی، بە پێچەوانەوە لەڕێی ئەم کردە ڕستەسازییەوە، پەندەکە واتا و مەبەستەکەی زیاتر دەپێکێت. بە نموونە هێنانە پێشەوەی کار لەم پەندانەی خوارەوەدا بۆ ئەوەیە سەرنجی بەرامبەر بۆ ئەو بەشە ڕابکێشێت کە هێنراوەتە پێشەوە. بڕوانە: (٣٧) و (٣٨).

(٣٧)<u>بنوو</u> بێ خەم و خەیاڵ وەستای نەجاڕ، خوا یەکە و دەرگەی هەزار.

(٣٨) **ئەچێتە شایی** هۆمەرە کوێر، (pro) هەڵ ئەپەڕێ بەبێ بلوێر. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٧)

ئەگەر سەرنجی پەندی ژمارە (٣٨) بدەین، دەبینین پەندەکە ڕستەیێکی ناسادەیە و لە بنەڕەتدا بریتییە لە: (هۆمەرە کوێر بۆ شایی ئەچێت و هۆمەرە کوێر بەبێ بلوێر هەڵ ئەپەڕێ)، تەنیا لە ڕستەی یەکەمی پەندە لێکدراوەکەدا بەشی کار جێکەوتەی لەگەڵ بکەردا گۆڕیوەتەوە و لە ڕستەی دووەمیشدا (بکەر) بەهۆی هاوبەشی قرتێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەك لەو ڕستانەی کە پێکهێنی ڕستەی ناسادەن، ((خاوەنی دروستەی سەربەخۆی خۆیانن، هەر یەك لەم دروستانە ڕستەی کات و کەسدارن، حوکمی کەرەستەکان دەکەن، کاری هەریەکەیان دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانی دەدات)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٦٥)؛ ئەمە وا دەکات لە لایێك بتوانرێت یاساکانی گوێزانەوە بەجیا لەسەر هەریەك لە ڕستەکاندا جێبەجێ بکرێت، لە لایێکی تریش یاساکان لەسەر کۆی ڕستە ناسادەکەدا جێبەجێ بکرێن، چونکە بەهۆی لێکدانی ڕستەکان هەندێ کەرەستە لە ئەرکدا هاوبەش دەبن؛ وەك هاوبەشییەتی: کار و کەس و ژمارەی بکەر لەنێوان ڕستەکاندا.

**٢- جووڵاندنی بەرکار - Object Movementing**

گوێزانەوەی بەرکار و هێنانە پێشەوەی لە پەندی پێشینانی کوردیدا، پەیوەندی بە مەبەستی قسەکەرەوە هەیە و دەیەوێت جەخت لەسەر ئەو کەرەستەیە بکاتەوە کە مەبەستیەتی، هۆکاری ئەمە

دەگەڕێتەوە بۆ ((کاریگەری باری دەروونی و هەبوونی مەبەستێکی تایبەت لە قسەکردندا، قسەکەر ڕیزکردنی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ جۆرە ڕیزکردنێکی نا ئاسایی، بە جووڵانەوەی توخمی مەبەست بۆ لای ڕاستی ڕستە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٣)، واتە کەرەستەکە بۆ سەرەتای ڕستە دێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەر دوو جۆرەکەی بەرکار (بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەتوانن لە ڕیزبەندیدا شوێنیان لەگەڵ بکەردا بەم شێوانەی خوارەوە بگۆڕنەوە:

**أ- هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ و کۆپیکردنی**

هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەك کردەیەکی ڕستەسازی ((دەگەڕێتەوە بۆ بایەخپێدانی قسەکەر بەو بەشە و بە لووتکەکردنی بەشەکە لە ڕستەدا)) (عەلی، ٢٠١٤، ١٧)؛ ئەم گوێزانەوەیە بە یاسای گوێزانەوەی باسمەندیش ناسراوە، کە ((پێکهاتەیێك لەناو بەشی کارەوە بۆ سەرەتای ڕستە دەگوێزرێتەوە)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٦٧). بەرکار وەك پێکهاتەیێکی ڕستە کاتێك یاسای گوێزانەوەی باسمەندی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، چەند گۆڕانکارییەك بەسەر دروستەی ڕستەکەدا دێت و یاسایێکی تری گوێزانەوە بەسەر ڕستەکەدا جێبەجێ دەکرێت، کە یاسای (کۆپیکردن - copying)ە؛ ((یاسای کۆپیکردنیش بریتییە لە: (أ + ب ⟵ ب + أ + ب)) (الخولی، ١٩٩٩، ٢٤)، بەپێی ئەم یاسایە ((فرێزی ناوی لە ڕستەدا لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی: (کەس، ژمار، ڕەگەز)ەوە کۆپی دەکرێت و لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە نوێنەر و جێگری فرەیزەکە)) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٣١). بەرکار وەك فرەیزێکی ناوی، جێکەوتەی لەناو فرەیزی کاریدایە، (لە کاتی هێنانە پێشەوەی بۆ پێش (بکەر) دەبێت کۆپی بکرێت... فۆڕمی کۆپیکراویش بە تەنیا ناتوانێت شوێنی ڕەگەزێکی ڕستە (ئەرکێکی ڕستە) ڕاستەوخۆ پڕ بکاتەوە، بۆیە دەچێتە سەر کار؛ واتە بەرکار فرێزێك نییە، کە سەربەخۆیی گوێزانەوەی لەناو فرێزی کاریدا هەبێت و هیچ گۆڕانکارییەك ڕوونەدات. دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دروستەی ڕستەدا دێن، لە ئەنجامی گوێزانەوەی بە ئارەزووی فرێزی ناوی بەرکار بۆ شوێنی باس، لە سێ خاڵدا بخەینە ڕوو:

١- لە کاتی ڕابردوودا جێناوی لکاوی سەر بەرکار، بەخورتی بۆ سەر کار دەگوێزرێتەوە، چونکە موڵکی کارەکەیە و لە بنەڕەتدا (ڕۆنانی ژێرەوە) لەسەر کارەکە بووە، بۆیە بەرکار ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیباتە دەرەوە.

٢- شوێنی بنجی بەرکار بە بەتاڵ دەمێنێتەوە و هێمای (**trace- t**) لە شوێنی دادەنرێت.

٣- فۆڕمی کۆپیکراو لەسەر کار دەردەکەوێت) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٤١).

کەواتە بۆ ئەوەی ڕستە مەبەستەکەی باشتر بگەیەنرێت، ئەوا ڕەگەزی بەرکار ((لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە، کە بەشی کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپییە، دەردەهێنرێت و دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە) )) (قادر، ٢٠٠٨، ٩١- ٩٢)؛ پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی زمانی مەبەستدار، بەهۆی کردەکانی گوێزانەوە و کۆپیکردنەوە، مەبەستە شاراوەکەی لە ڕستەیێکی باسمەندیدا زیاتر دەپێکێت. بڕوانە: (٣٩_أ،ب).

(٣٩) أ- حوشتر باری گەورە ئەبا. **ڕستەی سەرتۆپی**

[سەرتۆپی سەرەکی. حوشتر]، [کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی. **باری گەورە**]،[پرۆسە. ئەبا]].

ب- **باری گەورە** حوشتر ئەیبا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٦٩)، **ڕستەی باسمەندی**

[سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە. **باری گەورە**]، [سەرتۆپی لاوەکی. حوشتر]، [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی یەك. **t** ئە [پرۆسە. [کلیتیکی باسمەندی یـــ] با]].


پرۆسەی کۆپیکردن

**ب- هێنانە پێشەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

((بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەکو کەرەستە ناسەرەکییەکانی تر لەناو ڕستەدا شوێنیان چەسپاو نییە؛ بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێن)) (فەرهادی،

٢٠١٥، ٤٠٨)، واتە دەشێ لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەدا جێکەوتە بگرن، بەشێوەیەکی گشتی ((سەربارەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا زیاتر لەنێوان بکەر و کاردا دێن)) (Fattah, 1997, 146)؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بهێنرێنە پێشەوە و لە سەرەتای ڕستەدا بێن، بە تایبەت لە پەندی پێشینانداا، کە بە مەبەست دەهێنرێتە پێشەوە. لە پەندی ژمارە (٤٠_أ،ب)دا بە هێڵکاری درەختی، کردەی جێگۆڕکێ لەنێوان فرەیزی ناوی (NP) و فرەیزی بەند (PP)، کە جێکەوتەی سەرباری پڕکردۆتەوە، دەخەینە ڕوو:

(٤٠) أ- باران بە دوعای پشیلە نابارێت. ب- بە دوعای پشیلە باران نابارێت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٧٨)



**پ- هێنانە پێشەوەی لاڕستە لە ڕستەی ئاڵۆزدا**

بەشێوەییێکی گشتی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) دەکەوێتە سەرەتا و لاڕستەییێك یا زیاتری بەدوادا دێت و ئەرکی لاڕستەکە دیارخستن و ڕوونکردنەوەی بەشێکی ڕستەی سەرەکییە؛ دەشێ لاڕستەکە بێتە پێشەوە (سەرەتا)ی ڕستە ئاڵۆزەکە، بە تایبەت لە پەندی پێشیناندا، کە هێنانە پێشەوەی لاڕستەکە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەیە، کە لە پشت پەندەکەوەیە و لە بەشی لاڕستەکەدا جێگەی گرتووە؛ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: (٤١_أ،ب).

(٤١) أ- تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێ **کە ئاگر کەوتەوە**.

ب- **کە ئاگر کەوتەوە**، تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێ. (سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٧)

مەبەستی سەرەکی پەندەکە، لە بەشی لاڕستەدایە و بریتییە لەوەی (کە کێشەیەك سەری هەڵدا زوو کۆتایی پێبهێنرێت)؛ ئەنجامی مەبەستەکەش لە ڕستەی سەرەکیدایە و بریتییە لە (ئەگینا تاوانبار و بێ تاوان بە ئاگری کێشەکەوە دەسووتێن).

**ب- پاشخستن**

پاشخستن لەگەڵ ئەوەی یاسایێکە لە یاساکانی گوێزانەوە، بەڵام وەك کردەییێکی ڕستەسازی ناتوانرێت لەسەر زۆربەی کەرەستە بنجی و نابنجییەکانی دروستەی ڕستەدا پەیڕەو بکرێت؛ لەبەر ئەوەی لە ئاخاوتندا کام وشە لەنێو ڕستەکەدا هەڵگری مەبەستی قسەکەربێ، بە کردەی هێنانە پێشەوە، ئەویان بە لووتکە (تۆپیك) دەکرێ. لە زمانی کوردیدا بەبێ خواستی قسەکەر بەشێوەییێکی ئاسایی ((تۆپیك هەمیشە وەکو بکەر دەردەکەوێت یان پەیوەستە بە بکەرەوە، کۆمێنتیش پەیوەستە بە بەشی کارەوە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٢). بەڵام دەشێ ئەم دووانە جێگە بگۆڕنەوە، بە تایبەت لە پەندی پێشینانی

کوردیدا، کە کردەی پاشخستن پتر لە (بکەر) دەبینرێت و بە دەگمەن کەرەستەکانی تر دەگرێتەوە. وەك:

(٤٢) أ- **دنیا** تا سەر بۆ کەس نامێنێ. ⟵ ب- تا سەر بۆ کەس نامێنێ، **دنیا**.

(٤٣) أ- **دڵۆپە** ئاسنیش کون دەکا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٠٤) ⟵ ب- ئاسنیش کون دەکا، **دڵۆپە**.

### ٢-٣) یاسای لابردن – Deletion rule

لابردن بەشێکە لە یاساکانی گوێزانەوە، وەك کردەیێکی ڕستەسازی تەنیا لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا جێبەجێ دەکرێت، چونکە هەوڵی ڕێزمانی گوێزانەوە بۆ ئەوەیە، کە ((چۆنیەتی پەیوەندی و بەرهەمی دیوی دەرەوەی زمان لە دیوی شاراوەی زمان بەهۆی گوێزانەوە و یاساکانی لێکبداتەوە، یاسای لابردن یەکێ لەو یاسا گوێزانەییانەیە کە بەهۆیەوە دەشێ یەکێ لە کەرەستەکانی ئاستی ژێرەوە لە کاتی گوێزانەوەی بۆ ئاستی سەرەوەی زمان لا ببرێ، بەهۆی یەکسانی واتایی بێ یان یەکسانی فۆرم و واتا)) (حاجی، ٢٠٠٩، ١٢٨- ١٢٩)؛ ئەم لابردنەش ((هەمیشە بەگوێرەی یاساکانی زمانەکە دەبێت)) (Dawkins, 1975, 25)؛ تا ئەو ئەندازەیەش ڕێگە بە لابردنی کەرەستەکە یا دەرنەبڕینی دەدرێت، کە نەگاتە بارێك، ناڕێزمانی و نا دروستی واتای ڕستەکەی لێبکەوێتەوە، یا ببێتە ((هۆی لێڵی لەو دەوروبەرە زمانییەی کردەی لابردنی تێدا ڕوودەدات)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٤٠)؛ ئەمەش دەگمەنە ڕوودەدات، چونکە کاتێك ((هەندێك لە سترەکچەرەکانی ڕستەیەك دەرنابڕدرێن، ئەوا بەهۆی دەوروبەرەوە پڕ دەکرێنەوە)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٠٧)؛ واتە وەك مەرجێك پێویستە ((کەرەستەیێك هەبێت، کە لەگەڵ کەرەستە لابراوەکەدا هاونیشانە بێت و پێکەوە پۆلێك بن)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠،١٠٧)؛ دەشێ ئەم کەرەستەیە جێناوێکی

لکاو بێت و بۆ کەرەستە لادراوەکە بگەڕێتەوە، بە تایبەت لە کاتی لابردنی (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)دا؛ ئەوا بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێن؛ ئەم کردەیەش وەك پێویستییێکی گوێزانەوەیی لە ڕستەدا جێبەجێ دەکرێت.

### ٢-٣-١) جۆرەکانی لابردن لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا

**١- لابردنی بەخورتی - Obligatory Deletion:** ((ئەو لابردنەیە کە ڕێگە نادات کەرەستە زمانییەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەربکەوێت، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی و دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی کەرەستە هاوبەشەکان)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٤٠). بە تایبەت لە ڕستەی ناسادەدا، کە چەندین کەرەستەی هاوبەش (ناوکۆ - Equielement) هەن، ئەگەر لانەبردرێن، دەربڕینێکی قوڕس و بێزارکەر دێننە ئاراوە. بڕوانە: (٤٤_أ،ب).

(٤٤) أ- تۆ قسە یا لە شێت ببیسە یا تۆ قسە لە مناڵ ببیسە.

ب- Ø قسە یا لە شێت ببیسە یا Ø Ø لە مناڵ Ø. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٨٧)

**٢- لابردنی ئارەزوومەندانە - Optional Deletion:** ئەم جۆرەیان نەرمییەکی تێدایە و لابردنەکە زیاتر بۆ کورتبڕییە و دەشێ کەرەستەکە لە ئاستی سەرەوەدا لاببرێت یا بهێڵرێتەوە، مانەوەشی نابێتە هۆی دووبارەبوونەوە، چونکە کەرەستەکە کەرەستەیێکی هاوبەش نییە. ئەمەش زیاتر لە ڕستەی سادەدا دەبینرێت. وەك:

(٤٥) أ- کردی بە بنیشتە خۆشە**ی <u>ژێر دانی</u>**. ← ب- کردی بە بنیشتە خۆشە Ø.

(٤٦) أ- **<u>سکی</u>** تێر ئاگای لە **<u>سکی</u>** برسی نییە. ← ب- Ø تێر ئاگای لە Ø برسی نییە.

مەبەستی سەرەکیش لە لابردن، ئابووریکردنە لە زماندا؛ لەبەر ئەوەی ((یاساکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هاوتەریبن لەگەڵ بنەمای وزە پاراستن - ئیکۆنۆمی لە زماندا؛ چونکە یاساکانی گوێزانەوە بە ئارەزووی لابردن، ئەرکی هێنانەدی کەمکردنەوەی وزە لە ئاخاوتندا دەبینن و لە کاتی لابردن و کرتاندندا ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵی ڕستەکە دەتوانێت بنەڕەتی ڕستەکە دەستنیشان بکات و واتای تەواو بەرجەستە ببێت)) (ساڵح، ٢٠١٠ ، ١٠٩- ١١٠)؛ پەندی پێشینانیش لەبەر ئەوەی ((لە لایەن قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە ناسراوە، بۆیە کورتکردنەوەشی نابێتە هۆی لەدەستدانی واتای پەندەکە)) (Can, 2011, 37)؛ چونکە کورتبڕی خاسیەتێکی بنەڕەتی پەندی پێشینانە و لابردنی کەرەستەش پەندەکە کورت دەکاتەوە؛ گوێگریش هەر لەگەڵ بیستنی پەندەکە، هەست بە بوونی ئەو کەرەستەیە دەکات، کە لە ئاستی قووڵی پەندەکە هەیە و لە ئاستی ڕووکەشدا (SS)، لادراوە؛ لەبەر ئەوەی ئاستی قووڵ (DS) گوزارشتە لە سیمانتیکی ڕستە؛ بەمەش گوێگر لە ئاستی ڕووکەشدا سەرنجی بۆ ئەو کەرەستەیە دەچێت، کە وەك بەڵگەیەکە بۆ ئەو کەرەستەیەی کە لە ئاستی قووڵدا لابردراوە، لەڕێگەیەوە باشتر لە مەبەستی قسەکەر تێدەگات. ئەو کەرەستانەی کە لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشینانی کوردی لادەبردرێن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

### أ- لابردنی بکەر (Subject Deletion) و جێگیرکردنی بە جێناوی لکاو

بکەر وەك کەرەستەیێکی بنجی و سەرەکی لە ڕستەدا لەپاڵ بەشی کاردا دێت و ((هەبوونی ئەو دوو بەشە لەناو دروستەی ڕستەدا بە خورتییە و ناتوانرێت لاببرێن؛ دەشێت بکەر لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەکەوێت و ((pro))یەك لە شوێنی دابنرێت)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٧٤). یەکێکیش لە ((تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە بکەر و کار لە ڕووی کەس و

ژمارە ڕێکدەکەون، واتە کار بەپێی کەسەکە بکەر هەڵدەبژێرێت)) (ساڵح، ٢٠١٠، ١١٩)؛ بۆیە دوای لابردنی بکەری سەربەخۆ، ڕستەکە بەو جێناوە جێگیر دەکرێت کە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە و وەك بەڵگەیەکە بۆی. وەك:

(٤٧) **ئەو** قفڵی لە دەمی خۆی داوە ← (pro) قفڵی لە دەمی خۆی داوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٩٠)

(٤٨) **ئەو** کڵاوی لار داناوە. ← (pro) کڵاوی لار داناوە. (هەمان سەرچاوە، ٣١٧)


لابردنی بکەر لە پەندی لێکدراویشدا دەبینرێت، چونکە ((لە کاتی بەستنی دوو ڕستە یان زیاتردا زۆر جار کەرەستەی هاو ئەرك دێنە ئاراوە، بە مەبەستی دووبارەنەبوونەوەیان ئەم کەرەستانە دەقرتێنرێن)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ١٠٩)، یەکێك لەو کەرەستانەش (بکەر)ە، ئەگەر ((بکەری هەر دوو ڕستە سادەکەی ناو ڕستە لێکدراوەکە هاوبەش بن، بکەری ڕستەی دووەم دووبارە ناکرێتەوە و لادەبرێ)) (فەرهادی، ٢٠١٥، ٤٠٦)، ئەمەش بە هەمان شێوەی ڕستەی سادە، بەو جێناوە لکاوە جێگیر دەکرێت، کە بۆ بکەرەکە دەگەڕێتەوە. بڕوانە: (٤٩).

(٤٩) سنعەتکار دەوڵەمەند نابێ و (pro) لە برسانیش نامرێت.

لە پەندی پێشینانی کوردیدا دەشێ بکەری سەربەخۆ لە هەر دوو ڕستە سادەکەی نێو ڕستە لێکدراوەکەدا لاببردرێت. بڕوانە: پەندی ژمارە (٥٠_أ،ب)، کە بە هێڵکاری درەختی ڕوونکراوەتەوە.

(٥٠) أ- من ئاردی جەواڵم خواردووە و من هەمانەم ماوە.

ب- (pro) ئاردی جەواڵم خواردووە و (pro) هەمانەم ماوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٤)




لە كاتی گوێزانەوەی ئەم پەندە لە ئاستی ژێرەوە (DS) بۆ ئاستی سەرەوە (SS)، ئەم كردە ڕستەسازییانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێ كراوە:

١- دوو ڕستەی سادەی بنج، بە یارمەتی ئامرازی لێكدەری (و) لێكدراون.

٢- لە ڕستەی یەكەمدا بكەر بۆ سووكی دەربڕین لابردراوە و لە ڕستەی دووەمیشدا بكەر بەهۆی هاوبەشی و دووبارەبوونەوە، بەپێی یاسای گوێزانەوەی هەمان لابردنەوە (Equidelation)(٤) لابردراوە؛ هەردووكیشیان بە جێناوی لكاو جێگیركراون.

لە پەندی ئاڵۆزیشدا لابردنی بكەری ئاشكرا، بەپێی هەڵكەوتنی ڕستەكان دەبێت، واتە چ لاڕستە چ ڕستەی سەرەكی، كامیان لە دروستەی ڕستەكەدا جێكەوتەی لە ڕستەی دووەم بێت، ئەوا بكەرەكەی بەهۆكاری هاوبەشی و

دووبارەبوونەوە لادەبردرێت و بەو جێناوە لکاوە جێگیر دەکرێت، کە بۆی دەگەڕێتەوە. بڕوانە: (٥١) و (٥٢).

(٥١) کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ، (pro) سەری خۆی ئەخوا(ت). (خاڵ، ٢٠١٤، ٣١١)

(٥٢) ڕێوی گەر لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، (pro) گەڕ ئەبێ(ت). (هەمان سەرچاوە، ٢٢٦)

**ب- لابردنی بەرکار (Object Deletion) و جێگیرکردنی بە جێناوی لکاو**

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەو ڕستەیەدا بوونی هەیە، کە کاری ڕستەکە تێپەڕبێت، لابردنیشی لە زمانی کوردیدا ئاساییە، چونکە کردەی لابردنەکە تەنیا لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەکەدایە. ئەو بەرکارەی کە لادەبردرێت نابێت لکاو بێت، بەڵکو پێویستە سەربەخۆبێت؛ ئینجا (چ ناو چ جێناوی سەربەخۆ) بێ، ئەو کات قرتاندنی ئاساییە و لە شێوەی ((کلیتیکی بەرکاریدا بە کارەکەوە دەلکێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١١٥)؛ مەبەست ئەوەیە کە بە جێناوێکی لکاو کە بۆی دەگەڕێتەوە جێگیردەکرێت. بڕوانە: (٥٣) و (٥٤).

(٥٣) (pro) <u>کڵاوی</u> بکەوێتە مزگەوت، (pro) بەگۆچان Ø دەری ئەهێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣١٧)

(٥٤) (pro) <u>نان</u> بدە بە سەگ، (pro) Ø مەیــدە بە سپڵە. (هەمان سەرچاوە، ٣٩٩)

**پ- لابردنی بەرکاری ناڕاستەخۆ و جێگیرکردنی بە جێنای لکاو**

لابردنی بەرکاری ناڕاستەخۆ لە پەندی پێشینانی کوردیدا دەوەستێتە سەر نواندنی ئەم بەرکارە لە لایەن (تەواوکەر) و (سەربار)ەوە؛ ئەگەر هاتوو (تەواوکەر) بەهۆی فرەیزی بەند (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) بنوێنرێت، ئەوا ((ناکرێت شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەتاڵ بێت. واتە بە لابردنی واتاکەی

بەهۆی کەرەستەکانی ڕستەوە نادروست دەبێت، چونکە لە ڕستەدا کەرەستەیێك نییە کە لەگەڵیدا هاونیشانە بێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١١٦). بە واتای ئەوەی هیچ بەڵگەیێك لە ڕستەدا نییە کە بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بگەڕێتەوە؛ بۆیە هەست بە بەتاڵی ئەو جێکەوتەیە دەکرێت. وەك:

(٥٥) (pro) دووگ **بە پشیلە** ئەسپێرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١٣) ⟵ * (pro) دووگ **Ø** ئەسپێرێ.

(٥٦) (pro) سەری دا **لە بەرد**. (خاڵ، ٢٤٧،٢٠١٤) ⟵ * (pro) سەری دا **Ø**.

بەڵام کاتێك (سەربار) بەهۆی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەنوێنرێت، ئەوا بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە (ڕستەی ئاسایی زمان)دا دەشێت لاببرێت؛ بڕوانە: (٥٧). لابردنەکەش بەهۆی جێگیرکردنی بە جێناوی لکاوەوە گۆڕانی پێشبەندەکانی بەدوادا دێت، چونکە ئەم بەرکارە ((لە ڕووی کەتیگۆڕی سینتاکسییەوە لە قاڵبی فرەیزی بەندا دەردەکەوێت و پێشبەندەکانی: (بە – لە – بۆ) لەپێش فرەیزە ناوییەکە دێن)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ٢٠٣)؛ ئینجا ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆکە بە جێناوی لکاو ((جێگیر کرا، پریپۆزشنی (بە) ئەبێ بە (پێ) و (لە) ئەبێ بە (لێ)...)) (ئەمین، ٢٠٠٤، ٩٩). وەك:

(٥٧) منداڵەکە بە ئێوە ئەسپێرم ⟵ منداڵەکەتان پێ ئەسپێرم.

سەبارەت بە پەندی پێشینانیش، لەبەر ئەوەی بەشی زۆریان ڕستەیەکی چەسپاون، لەگەڵ ئەوەی لابردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناڕێزمانی پەندەکەی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام لابردنی لە پەندی سادەدا دەبێتە هۆی ئەوەی پەندەکە لە کرۆك و واتادا ئەو مەبەستە نەداتە دەست کە پەندی پێشینان پێویستە بیگەیەنێت، ئینجا مەبەستەکە ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ؛ چونکە دوای لابردنی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، پەندەکە دەبێت بەڕستەیەکی ئاسایی زمان. وەك:


(٥٨) (pro) شێر **بە گوێ** ئەگرێت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٧١) ⟵ (pro) شێر Ø ئەگرێت.

(٥٩) دۆشاو **بۆ پاشا** قات نییە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١٥) ⟵ دۆشاو Ø قات نییە.

کەچی لە پەندی ناسادەدا، لابردنی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، بەهۆی هاوبەشی و دووبارەبوونەوەی لە ڕستەی دووەمی پەندەکە و جێگیرکردنی جێناوێك لە شوێنی، کە بۆی دەگەڕێتەوە، ئەوا کاریگەری لەسەر واتا و مەبەستی پەندەکە نابێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: پەندی ژمارە (٦٠_أ،ب)، کە بە هێڵکاری درەختی ڕوونکراوەتەوە.

(٦٠) أ- تا خوا کێو نەبینێت بەفر لە کێو ناکات.

ب- خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا.



ئەم پەندە لە ئاستی قووڵدا (Deep Structure) لە دوو ڕستە پێکهاتووە و لە کاتی گوێزانەوەی بۆ ئاستی ڕووکەش (Surface structure)، ئەم کردە ڕستەسازییانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێکراوە:

١- هەر دوو ڕستە بنجییەکە، بە ئامرازی گەیەنەری (تا) بەیەك گەیەنراون.

٢- بکەر ڕستەی یەکەم بەپێی یاسایێکی گوێزانەوە چۆتە پێش ئامرازەکە.

٣- ئەو کەرەستانەی کە هاوبەشن و لە ڕستەی دووەمدا دووبارە بوونەتەوە، بریتین لە: بکەری (خوا) و بەرکاری (کێو)، لە دوو کردەی لابردندا لابردراون؛ لە هەمان کاتیشدا هەر دووکیان بە جێناوی لکاو جێگیرکراون و پێشبەندی (لە)ش بۆ (تێ) گۆڕاوە.

**ت- لابردنی کار - Verb Deletion**

کار لە ڕۆنانی ڕستەی هەر زمانێکدا، کەرەستەیێکی سەرەکی و بەخورتییە و هەرگیز لە ڕستەدا لانابردرێت، چونکە کۆڵەگەی پێکهێنی ڕستە کارە، واتە حوکمی بەسەر کۆی کەرەستە پێکهێنەرەکانی تری ڕستەوە هەیە و ئەرکی ڕێزمانی و واتایی ڕستەی دەکەوێتە سەر؛ لەگەڵ ئەوەی کار کەرەستەیێکی بەخورتییە، لابردنی لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕێگەپێدراوە، بە تایبەت ڕستەی نادە، کاتێك ڕستە پێکهێنەرەکانی ڕستە نادەکە، لە کاردا هاوبەشبن.

بەشێوەیێکی گشتی لابردنی کەرەستەکان لە ڕستەی نادەدا ڕستەی دووەم دەگرێتەوە؛ ((لە هەمان کاتدا هەموو ئەو کەرەستانەی لە ڕستەی دووەمدا جیاوازن بەرامبەر بە ڕستەی یەکەم لە ڕستەی دووەمدا دەهێڵرێنەوە)) (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٥، ٢٣). لابردنی کار لە ڕستەی پەندی پێشینانی کوردیدا بەم شێوانەی خوارەوەیە:

**١- لابردنی بەشی کار لە ڕستەی سادەدا**

لابردنی فرەیزی کاری لە ڕستەی سادەی ئاسایی زماندا دەگمەنە و بەشێوەیەکی گشتی نەگونجاوە، بەڵام لە هەندێ پەندی پێشینانی سادەدا، کردەی لابردنی کار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەی پەندەکەدا ئاساییە و نابێتە هۆی بەدەستەوەنەدانی واتا؛ ئەوەی لە پەندەکەشدا دەمێنێتەوە فرەیزێکە یان زیاتر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پەندی پێشینانی کوردی لە ڕووی هەبوونەوە لە شێوەی فرەیزدا بوونی هەبێت، واتە ئەو پەندانەی لە شێوەی فرەیزدان، کردەی لابردنی کاریان تێدا جێبەجێ بووە. بڕوانە: (٦١) و (٦٢).

(٦١) گورگ و شوانی؟! (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٣٥) پەندەکە لە ئاستی ژێرەوەیدا بریتییە لە: (گورگ و شوانی بەیەکەوە ناشێن).

(٦٢) لە گوڵ پاکتر؟ (خاڵ، ٣٥٩،٢٠١٤) لە بنەڕەتدا بریتییە لە: (لە گوڵ پاکتر نییە).

**٢- لابردنی کار لە ڕستەی نادەسادەدا**

کاتێك کار لە ڕستەکانی نێو ڕستەی نادەسادەدا هاوبەش بێت، بە تایبەت ڕستەی لێکدراو، ئەوا بۆ سووکی زمان و ئابووریکردن کاری یەکێ یان هەر دوو ڕستەکە بەم شێوانەی خوارەوە لادەبردرێت:

**١- لابردنی کار لە ڕستەی یەکەمی ڕستەی لێکدراودا. وەك:**

(٦٣) نەزان بە پێیەك Ø ، زانا بە دوو پێ تێ ئەکەوێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤١١)

(٦٤) وەجاخزادە بە ئیشارەت Ø و ناوەجاخ بە کوتەك تێدەگا.

**٢- لابردنی کار لە ڕستەی دووەمی ڕستەی لێکدراودا. وەك:**

(٦٥) لێوێکی با دێنێ و لێوێکی بۆران Ø. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٦٧)

(٦٦) نە شیش بسووتێ، نە کەباب Ø.

**٣- لابردنی کار لە هەر دوو ڕستەی نێو ڕستەی لێکدراودا. وەك:**

(٦٧) دیداری یاران چ ساڵێك Ø و چ ساتێك Ø. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥١)

(٦٨) نان بۆ نانەوا Ø ، گۆشت بۆ قەساب Ø.

**ج- لابردنی ئامراز**

ڕستەی ناسادە چ لێکدراو بێت چ ئاڵۆز لە ڕۆنانیاندا زیاتر لە ڕستەیەك پێکدێت، بەشەکانی ڕستەی لێکدراو بە یارمەتی ئامرازی (لێکدەر) لیکدەدرێن و ڕستەی ئاڵۆزیش بە یارمەتی ئامرازی (گەیەنەر) بە یەك دەگەیەنرێن. لابردنی ئامراز وەك لابردنی کەرەستەکانی تر نییە، کە بەهۆی هاوبەشییەتی یا دووبارەبوونەوەی کەرەستەکانەوە بێت، بەڵکو بەهۆی ئابووریکردن و سووك دەربڕینەوەیە. پەندی پێشینانیش بە هەر دوو جۆری لێکدراو و ئاڵۆز، کردەی لابردنی ئامرازی بەم شێوانەی خوارەوە تێدا دەبینرێت:

**أ- لابردنی ئامرازی لێکدەر**

ئامرازی لێکدەر لە ڕستەی لێکدراودا لەگەڵ ئەوەی ڕستە سادەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام سەر بەهیچ یەکێ لە ڕستەکان نییە و دەشێ لە ڕستە لێکدراوەکە لاببرێت و وێرگولێك (،) لە شوێنیدا دابنرێت، بێ ئەوەی ئەرکی ڕێزمانی و واتایی ئامرازەکە ون ببێت. وەك:

(٦٩) أ- مردوو شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ کەچی زیندوو دەستی لێ هەڵناگرێ.

ب- مردوو شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ Ø ، زیندوو دەستی لێ هەڵناگرێ.

(٧٠) أ- کێو بە کێو ناگات بەڵام چاو بە چاو دەکەوێت.

ب- کێو بە کێو ناگات Ø ، چاو بە چاو دەکەوێت.

**ب- لابردنی ئامرازی گەیەنەر**

ئامرازی گەیەنەر ئەو ئامرازەیە کە تێکەڵ بە دارشتەی لاڕستە دەبێت، هەمیشە لەگەڵیدا دێت و لاڕستەکە ((دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی و هۆیەکە لە هۆیەکانی بەندبوونی لاڕستە پێیەوە. پەیوەندیی نێوان ئامرازی گەیەنەر و لاڕستە ئەوەیە کە ئامرازی گەیەنەر خۆی ئاماژە بە باسلێکراوێك (توخمیك) ناکا، بۆیە پێویستی بە ڕستەییێك دەبێت کە بە ڕستەی سەرەکی ببەستێتەوە و ئەرکی خۆیان ببینن لە تەواوکردنی واتا و ناساندنی سەرەکەی پێش خۆیان)) (بەرزنجی، ٢٠٠٤، ٤١). لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ ئامرازەکە لاببرێت و ئەم ئەرکە بە تەنیا بە لاڕستە بسپێردرێت، بێ ئەوەی ڕستەیێکی لێڵ یا ناتەواو بێتە ئاراوە. هەندێ لە پەندی پێشینانی کوردیش لابردنی ئامرازی گەیەنەریان تێدا دەبینرێت و لابردنی ئامرازەکە دەربڕینی پەندەکەی لەسەر زمان ئاسانتر کردووە. بڕوانە: (٧١_أ،ب) و (٧٢_أ،ب).

(٧١) أ- ئەگەر لەسەر ڕێگا بنویت، خەوی هاشە و پاشە ئەبینیت.

ب- Ø لەسەر ڕێگا بنویت، خەوی هاشە و پاشە ئەبینیت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٤٥)

(٧٢) أ- تیر کە لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

ب- تیر Ø لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٤٢)

**٤-٢) یاسای زیادکردن - Addition rule**

زیادکردن یاسایێکی تری گوێزانەوەیە، کە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی واتای بنجی ڕستەیە، ئەمیش بە زیادکردنی کەرەستە یا ڕستە دەبێت، بە مەرجێك کەرەستەکە یا ڕستەی زیادکراو، جگە لە ڕوونکردنەوە، کار لە واتای بنەڕەتی ڕستە بنجییەکە نەکات. پەندی پێشینانیش لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆریان دەربڕینێکی چەسپاون، بەڵام ((وشە پێکهێنەرەکانی پەند ڕێگە بە

وشەی تر ئەدەن بچنە نێوانیانەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای پەندەکە بکەن...، چونکە پەند دەربڕاوێکی کۆنە و ماوەیێکی دووری بەسەردا تێپەڕیوە، لەم ماوە دوور و درێژەدا، کورد زمانان پشت بە پشت پەندەکانیان بۆ نەوەی دوای خۆیان گێڕاوەتەوە...، لە گوێزانەوەی پەندەکان ورد نەبوونە و گۆڕان لە پەندەکە ڕووی داوە و بە ڕوخساری جیا جیا گێڕاویانەتەوە)) (عەلی، ١٩٩٨، ٥٤). بڕوانە: (٧٣_أ،ب) و (٧٤_أ،ب).

(٧٣) أ- مزگەوت ڕووخاوە، محرابی ماوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٨٨)

ب- **هەرچەند** مزگەوت ڕووخاوە، **بەڵام** محرابی ماوە.

(٧٤) أ- نە شارەزا کوێرە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٨)

ب- نەشارەزا **وەك** کوێر **وایە**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٨)

لە لایێکی تر ئەو پەندانەی کە (هۆنراوە ئاسا)ن، بنەڕەتی زۆربەیان ڕستەیێکی سادە یا ناسادەیە و لە پێناو گەیاندن و ڕوونتر کردنەوەی مەبەستی پەندەکە، بە کەرەستەی هەمەجۆری زمان فراوان کراون و لە قاڵبی هۆنراوەدا داڕێژراونەتەوە، بێ ئەوەی داڕشتنەوە و فراوانکردنەکە پەندەکە لە واتای بنجیی خۆی دوور بخاتەوە. بڕوانە: (٧٥_أ،ب) و (٧٦_أ،ب).

(٧٥) أ- هەر کەس پەند نەگرێ لە خەڵك، خەڵك عیبرەتی لێدەگرن.

ب- هەر کەس ئەزموون و پەند نەگرێ لە کەس ئەبێ بە عیبرەت بۆ کەس و ناکەس.

(بەهرامی، ١٣٩٤ب٢، ٤١٠- ٤١١)

(٧٦) أ- نەیدەزانی هەڵپەڕێ، ئەیوت حەوشەکەی لارە.

ب- باش نەیدەزانی هەڵپەڕێ لەبار ئەیوت حەوشەکەی چاڵ و چۆڵە و لار

(بەهرامی، ١٣٩٤ب٢، ٣٥٨- ٣٥٩)

هەروەها پەندی ڕستە ئاسای ئاڵۆزیش، نموونەیێکی تری بەرجەستەبووی یاسای زیادکردنە؛ لەبەر ئەوەی ((زیادکردن کردەیەکی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاڵۆزدا؛ بەوێنە دەکرێ بە لایەنی کەم بە سێ ڕێگای جیاواز دوو ڕستەی سادە بەدوای یەکدا زیاد بکەین، کە لە ڕێگەیانەوە بەلایەنی کەم سێ جۆر ڕیزکردنی ئاڵۆزی بەدوادابێت، بێ ئەوەی خوێنەر کێشەی خوێندنەوەی بۆ بێتە پێش)) (Dawkins, 1975, 12). بڕوانە: ژمارە(٧٧).

(٧٧) ئەو خورمایە ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

ئەگەر سەرنجی نموونەی ژمارە (٧٧) بدەین، دەبینین ڕستەیێکی سادەی ئاسایی زمانە، لە ڕێگەی زیادکردنی لاڕستەی (کە تۆ خواردت)، ئەوا ڕستەیێکی ئاڵۆزی لێ دروست دەبێت و قاڵبی پەندی پێشینان وەردەگرێت، دەشێ ئەم ڕیزکردنانەی خوارەوەی بەدوادابێت. بڕوانە: (٧٨_أ،ب،پ).

(٧٨) أ- ئەو خورمایەی کە تۆ خواردت، Ø ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

ب- ئەو خورمایەی تۆ خواردت، Ø ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

پ- ئەو خورمایە ناوکەکەی لە گیرفانمایە کە تۆ Ø خواردت.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ((زیادکردن تاکە کردە نییە لە پێکهێنانی ڕستەی ئاڵۆزدا، لەبەر ئەوەی کاتێك ڕستەیەك زیاد دەکەین، ئەوا ڕۆنانی ڕستەکە چەند کردەیەکی تریشی بەسەردادێت لە پاش و پێشکردن و گۆڕینەوە و لادان...، شتێکی ڕوونیشە هەتاکو کردەی زیاتر بەسەر ڕۆنانی سینتاکسی ڕستەدا بێت، دارِشتە زمانییەکەیشی زیاتر ئاڵۆز دەبێت و خوێندنەوەکەی قورِستر دەبێت)) (Ibid, 12). بە تایبەتیش کاتێك هەندێ لەو کەرەستانە کە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەی پەندەکە هەن و لە کاتی گوێزانەوەیان بۆ ڕۆنانی سەرەوە لانەبردرێن، ئەوا دەبنە کەرەستەی دووبارە و هاوبەش. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ناتوانرێت ژمارەیێکی زۆری یاسای گوێزانەوە بە جارێك لەسەر پەندێکدا جێبەجێ بکرێ؛ لە هەمان کاتیشدا ناتوانرێ هەندێ یاسای گوێزانەوە فەرامۆش بکرێ، بە تایبەت یاسای (لابردنی بەخورتی) و (کۆپیکردنی بەخورتی). کە کەرەستە هاوبەش و دووبارەکان لە ڕستەی ناسادەدا دەگرێتەوە.

**ئەنجام**

ئەم خاڵانەی خوارەوە بریتین لەو ئەنجامانەی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیگەیشتووین:

١- پێکهاتەی ڕستەسازی پەندی پێشینانی کوردی هەمان ئەو پێکهاتەیە کە ڕستەیێکی ئاسایی زمانەکە هەیەتی، هێندە هەیە پەندی پێشینان وەك دەربڕینێکی چەسپاو، بە ئاسانی مل بۆ هەموو یاساکانی گوێزانەوە نادات و هەموو گوێزانەوەییێکی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

٢- ئەو پەندانەی (ناداڕشتەیین) و واتایان لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە نەهاتووە و واتای خوازەییان زاڵە، ئەوا لە (کۆتی واتایی)دا، لە پەیوەندیی ئاسۆیی لادەدەن، لەبەر ئەوەی تاکو نەگونجان لەنێوان کەرەستەکان هەبێت، پەندەکە زیاتر قاڵبێکی چەسپاو و (واتای مەبەست) وەردەگرێت؛ چونکە بنەڕەتی نەگونجان بۆ دانەدەستی واتای مەبەستە، کە بەشی زۆری پەندی پێشینانی لەسەر بنیاتنراوە.

٣- لەگەڵ ئەوەی لابردنی کەرەستە وەك یاسایێکی گوێزانەوە لەسەر پەندی پێشینان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ناتوانرێت هەموو جۆرە کەرەستەیێکی لێ لابدرێت، هەندێ کەرەستە لەگەڵ ئەوەی ناسەرەکین و دەتوانرێت لە ڕستەی ئاساییدا لاببردرێن، بەڵام لە پەندی پێشیناندا لابردنیان دەبێتە هۆی تێکدانی قاڵبی پەندەکە و ئەو مەبەستە ناداتە دەست کە پەندی پێشینان پێویستە بیگەیەنێت؛ بۆیە هەست بە بۆشاییێك دەکرێت، یا پەندەکە وەك ڕستەیێکی ئاسایی زمان دەردەکەوێت.

٤- پەندی پێشینانی کوردی هەندێکیان لە ڕووی فۆڕمەوە بە تەواوی لە قاڵبێکی توند و چەسپاودا نین و نیمچە چەسپاون؛ چونکە دەتوانرێ بە هۆنراوە دابڕێژرێن و کەرتی تریان بۆ زیادبکرێت و گۆڕین و پاش و پێشیش بە

کەرەستەکانی بکرێت و پارێزگاریش لە واتا و مەبەستی پێشووی پەندەکە بکات.

٥- ناتوانین ژمارەیێکی زۆری یاسای گوێزانەوە بە جارێك لەسەر پەندێکدا جێبەجێ بکەین؛ لە هەمان کاتیشدا ناتوانین هەندێ یاسای گوێزانەوە فەرامۆش بکەین، بە تایبەت یاسای (لابردنی بەخورتی)، کە کەرەستە هاوبەش (ناوکۆ - Equielement) و دووبارەکان لە ڕستەی نادادەدا دەگرێتەوە؛ ئەگەر لانەبردرێن، دەربڕینێکی قوڕس و بێزارکەر دێننە ئاراوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) واتای مەبەست: بریتییە لەو واتایەی کە گوزارشت لە واتایەکی تر دەکات، جیاوازە لە واتای بنەڕەتی دەربڕینەکە.

(٢) ئارگۆمێنت، زاراوەیەکە لە لۆجیکی ماتماتیکی وەرگیراوە، مەبەستیش لێی ئەو کەرەستە سینتاکسییانەن کە لە لایەن کارێکەوە داوا دەکرێن. بە واتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش، ئەو بەشانەی ڕستەن کە هەواڵێك لە بارەیانەوە بەهۆی گوزارەیەکەوە ڕادەگەیەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (حاتەم ولیا محمد، ٢٠١٢، ٢٢٤) و ئەو سەرچاوەی لەوێوە هاتووە.

(٣) بەرکاری ڕێزمانی: ئەو دانە سینتاکسییەیە کە تەنیا چاڵی بەرکار لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە، بەڵام بەرکاری لۆجیکی، ئەو بەرکارەیە کە کارەکەی دەکەوێتە سەر و لەژێر کاریگەری بکەرێکی لۆجیکیدایە.

(٤) یاسای هەمان لابردن (Equidelation): یاسایەکی بەخورتییە لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا، بەپێی ئەم یاسایە ئەو گرێ ناوییەی کە لە ڕستەکەدا دووبارە دەبێتەوە و ئاماژە بە یەك شت دەکەن لەگەڵ هەمان شت لە ڕستە سەرەکییەکەدا لا دەبرێ. بڕوانە: (شلێر ڕەسول محمد بەرزنجی، ٢٠٠٤، **X**).

**سەرچاوەکان**

**١-بە زمانی کوردی:**

**أ-کتێب**


- ئەمین، وریا عمر (٢٠٠٤)، **چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە (٢٣٩)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، **دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا**، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل، تاران.
- بەهرامی، ئەحمەد (١٣٩٤ی هەتاوی)، **پەندی پیران و فەرموودەی ژیران**، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی شەمیم، سنە.
- حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠٩)، **کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٦)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، **ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا**، ماستەر نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٧)، **ڕستەسازی**، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خاڵ، محمد (٢٠١٤)، **پەندی پێشینان**، چاپی پێنحەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، **هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٧٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣أ)، **چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ________ (٢٠١٣ب)، **هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٩٣)، چاپخانەی حاحی هاشم، هەولێر.

- قادر، کاروان عمر (٢٠٠٨)، **ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا**، ماستەر نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- کانەبی، دلێر صادق (٢٠١٥)، **تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- محەمەدئەمین، یوسف نوری (٢٠١٥)، **ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە**، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**

- بەرزنجی، شلێر ڕەسول محمد (٢٠٠٤)، **یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- ساڵح، دەروون عەبدولرەحمان (٢٠١٠)، **ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەلی، فەتاح مامە (١٩٩٨)، **ئیدیەم لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- عەبدوڵڵا، مهاباد کامیل (٢٠١٠) **چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، ڤیان بەکر (٢٠١٥)، **پارستە لە کوردی ناوەڕاستدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین.
- کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٢)، **ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

**پ- گۆڤار:**

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، یاسای گوێزانەوە و کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی، **گۆڤاری زانکۆی کۆیە**، ژمارە (٢٢)، ل، ٢٢٩- ٢٤٩.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، شیكردنەوەی سینتاكسی پەندی پێشینان، **گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین**، ژمارە (٢) ل، ٤٠١- ٤٢٢.
- محمد، حاتم وليا (٢٠١٢)، ڕۆنانی ڕستەی سادە، **مجلة الاستاذ**، العدد، (٢٠٠)، ص، ٢٠٩-٢٢٥.
- محمد، ______ و محمد، ژيان عبدالله (٢٠١٥)، پێكهاتەی زانیاری و كردە قسەییەكان، **گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان**، بەرگی ١٩. ژمارە ٤، ل، ٣٩-٦٤.

**٢- بە زمانی عەرەبی:**

- الخولي، محمد علي (١٩٩٩)، **قواعد تحويلية للغة العربية**، الطبعة الأولى، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان.

**٣- بە زمانی ئینگلیزی:**

- Amin, waria omar (1979), **Aspects of the verbal construction in Kurdish**, Ph.D. dissertation, University of London.
- Can, Nilufer (2011), **A proverb Learned is a proverb Earned، Future English Teachers Experiences of Learning English proverbs in Anatolian Teacher Training High Schools in Turkey**, M.A. Thesis, Middle East Technical University ،Graduate school of Sciences, Department of English Language Teaching.
- Dawkins, John (1975), **Syntax and Readability**, International Reading Association, Newark, Delaware.
- Fattah, M.M (1997), **A Generative Grammar of Kurdish**, Unpublished doctoral dissertation, university of Amsterdam.

## الملخص

## تحليل امثال كوردية وفق قوانين التحويل

هذه الدراسة محاولة لتطبيق قوانين التحويل على الأمثال الكوردية، على الرغم من أن المثل تعبير ثابت، ولا يخضع بسهولة لجميع التحويلات، ولكن وفقا لقوانين التحويل، بعد توليد الجملة الأساسية للمثل في البنية العميقة، فإنه يحتاج إلى عدة قواعد التحويل للوصول إلى البنية السطحية. نظرا لأن الأمثال مقصودة، غالبا ما يؤكد المتحدث عمدا عنصر معين أو عناصر من تركيب المثل، يغيرها أو يحركها للخلف وللأمام، من أجل تسهيل عملية الوصول للمعنى المقصود؛ وهذا الترتيب لا يغير حالة والوظيفة النحوية للعناصر. تتألف الدراسة من فصلين اضافة الى مقدمة ونتائج:

الفصل الأول: يدور حول العناصر النحوية والعلاقات الدلالية بينهما، وأنماط ترتيبهما في تركيب الأمثال الكوردية.

الفصل الثاني: مخصص لقوانين التحويل في الأمثال الكوردية، وقد حاولنا قدر المستطاع اثبات وشرح القوانين المطبقة في البنية السطحية للأمثال الكوردية.

**الكلمات الدالة:** عناصر النحو، قواعد التحويل، الأمثال، الترتيب الثابت، قاعدة الحذف.

## Abstract

### An Analysis of Kurdish proverbs according to transformational rules

This study is an attempt to apply the conversion rules to Kurdish proverbs, although the proverb is a fixed expression, and is not easily subject to all transformations, but according to the rules of transformation, after generating the basic sentence of the proverb in the deep structure, it needs several transformation rules to reach the surface structure. Since the pro verbs are intentional, the speaker often intentionally emphasizes a certain element or elements of the proverb's structure, changing them or moving them back and forth, in order to facilitate the process of arriving at the intended meaning; This arrangement does not change the case and grammatical function of the elements. The study consists of two chapters in addition to an introduction and results:

The first chapter: It revolves around the grammatical elements and the semantic relations between them, and the patterns of their arrangement in the composition of Kurdish proverbs.

The second chapter: is devoted to the conversion rules in Kurdish proverbs. We have tried, as much as possible, to prove and explain the rules applied in the surface structure of Kurdish proverbs.


**Kywords**: Syntax elements, Transformational rules, Proverbs, Fixed order, Deletion rule.